# شەونم

هۆنراوەی (66)

ای رخت چون خلد و لعلت سلسبیل

ئەی بە لێو و روو بەهەشت و سەلسەبیل
سەلسەبیل گیان و دڵی کردی سەبیل
دەوری لێوت سەوزەپۆشی خاڵ و خەت
چەشنی مێروولەن لە دەوری سەلسەبیل
خوایە ئەو ئاورەی لە گیانم دا هەیە
بۆمی دامرکێنە ئەوتۆ بۆ خەلیل
ئەی رەفیقان من مەجالێکم نەما
ئەو جەماڵێکی هەیە بێحەد جەمیل
پێی مە لەنگ و مەنزڵیش دوور و درێژ
کورتە دەستی ئێمە بۆ خورمای نەخیل
تیری چاو و زولفی خاوی تۆ سەدان
وەک منی کوشتوون و گرتوونی بەدیل
وا بە پەنجەی عیشقی یار حافز دەڵێی
مێرووە و کەوتۆتە ژێر پێی پانی فیل

حافزی حەقیقی